# هەڵسەنگاندنێکی پوخت بۆ نیولیبرالیزم و لێکەوتەکانی

کاندەس سمیت

و. پەیمان عەلیپوور

نیولیبرالیزم، سەرەتا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، بەشێوەی ڕوو لە هەڵکشان وەکو فۆرمێکی حکومەتکردن لە وڵاتانی چوارقورنەی جیهان زەقبوویەوە (Peters 2001). لە بنەڕەتدا، ڕیشەکانی نیولیبرالیزم لە تیۆری ئابووری سیاسی کلاسیکدایە، کە داکۆکی لەوە دەکات بازاڕەکان (و لەم ڕوویەوە خەڵک) بەتەواوەتی لە هەموو جۆرە دەستێوەردانێکی حکومەت ئازاد بن (Smith 2009). ڕکابەری «ئازاد» و سەرمایەوەگەڕختنی «ئازاد»[1]وەکوشێوازەکانی ڕێخۆشکەری گەشەکردنی ئابوری، برەویان پێدرا.ماتیینێز و گارسیا[2] (2000) لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم جۆرە«لیبراڵ»ییە، لە تیۆرەکانی ئابورییدا، لە سەرلەبەری سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە ڕۆژئاوادەستکرا بە پەیڕەوکردنی.هەرچەند سستبوونی گەورەی ئابوری[3] لە سییەکانی سەدەی بیستەم و پەرەسەندنی ئابوریی کینزی[4]، بەشێوەی کاتی خێرایی پێشکەوتنی ئابووری لیبراڵی دابەزاند؛ بەڵام لەم دە ساڵیانەی دواییدا، بووژانەوەی ئابوریی

[1]“free” enterprise
[2]Martinez and García
[3]The Great Depression
[4]Keynesian economics

لیبرالّیزم (یان نیولیبرالّیزم) بەڕاستی لەئاستی جیهانیدا هاتووەتە ئاراوە،هەروەک ئەو ولاّتانەی چوارقوڕنەی جیهان کە ئەوەتا یان هەڵیانبژارد یاننا چاربوون فەرمانڕەوایی لیبرالّ بەکاربێنن. بۆنمونە لە ئەنجامی گەشەکردنی بەرچاوی هەژموونی نیولیبرالّیزم، گۆڕانکاریی زەبەلاّح لە ئاستەکانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و تاکەکەسیدا هاتوونەتەکایەوە.

لە ئاستی نەتەوەییدا، بیرۆکە نیولیبرالّییەکان گۆڕانکاریی قوڵیان لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکاندا سازکردووە. نیولیبرالّیزم، لەڕێگەی برەودانی تووندوتۆلّ بە ئابوورییە بنەما بازارییەکان[٥]،کە بەهایەکی زۆر بە ڕکابەری و لێهاتوویی[٦] دەدەن، ولاّتەکان بەرەو قەبوڵکردنی داروینیزمی کۆمەلاّیەتی دەجووڵێنێت. پیتەرز (2001) ئارگۆمێنت دێنێتەوە کە لەسەردەمی تاچەر و ڕیگاندا، نیولیبرالّیزم بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەرەو ئازادکردن/ بەعەقلاّنیکردنی دەوڵەت، بونیادنانەوەی سێکتەرەکانی دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەران ڕۆیشت. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوونە بینەری شتگەلێک وەکنەمانی یارمەتییە داراییەکان[٧]، لابردنی گومرگی سەر هاوردەکان[٨]، بەکۆمپانیاکردن و بەتایبەتیکردنی بەشە بازرگانییەکانی دەوڵەت، هێرشی بەردەوام بۆ سەر یەکێتییەکان و بەتاکێتیکردنی[٩] تەندروستی، خۆشگوزەرانی و پەروەردە.گەرچی ئەو بیرۆکەیەی کە [دەڵێت] بازاڕەکان دەبێ بەتەواوەتی خۆیان بەسەر حکومەتەکاندا بسەپێنن، لە دەیەکانی پێشوودا بە پروپوچ سەیردەکرا (George 1999)، [بەلاّم] بۆردیۆ[١٠] (1999b) پێیوایە کە [ئێستاکە] نیولیبرالّیزم وەکو فۆرمێکی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بووەتە باوەڕێکی گشتگیر[١١] یان گومانهەڵنەگر[١٢] و دونیا بینییەکی بەسادە قەبوڵکراو. بەم شێوەیەهارڤەی (2005) سەری لەوە سوڕنامێنێت کە بیرۆکەکانی کاپیتالّیزم، ڕژاونەتە نێو دامەزراوە سیاسییەکان و کۆمەلاّیەتییەکان و کەلتورییەکان لە ئاستی دەوڵەتیدا. نیولیبرالّیزم لەڕێگەی جێگەکردنەوەی[١٣] کوالیێتیی

[5] market-based economies
[6] efficiency
[7] subsidies
[8] tariffs
[9] individualization
[10] Bourdieu
[11] doxa
[12] unquestioned
[13] placing

بیرکارانە لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا (Bourdieu 1999a)، دەوڵەتە لەپێشدا سەربەخۆکان، بە گەڕانەوە بۆ دەوڵەتە سزادەرەکان[14] هاندەدات، [بە جۆرێک] کە بایەخ بدەن بە بەرهەمهێنان و ڕکابەرێتی و قازانجکردن لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکەوە و تەنانەتکێشە کۆمەڵایەتییەکانیش.

بە بڕوای جۆرج (1999)لە ئاستی نێونەتەوەییدا، نیولیبراڵیزمەکان لەسەر سێ خاڵی بنچینەیی چڕبوونەتەوە: بازرگانیی ئازادی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان، سوڕانەوەی ئازادی سەرمایە و ئازادی لە وەبەرهێنان[15]دا. بەم شێوەیە بەجیهانیکردنی نیولیبراڵیزمانە، بەو واتایە دێت کە جەخت بکرێتەوە لەسەر جێخستنی ئاڵوگۆڕکردنەکان لەمبەر بۆ ئەوبەری سنووری نەتەوەییەکان، داراییگەرایی[16]و پەرەسەندنی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان هەروەک کۆمەڵگای مەدەنی بانەتەوەیی[17](Bandelj, Shorette, and Sowers 2011). جۆرج لەسەر ئەو بڕوایەیە کە داکۆکیکارانی نیولیبراڵیزم بە یارمەتیی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی زۆربەی وڵاتانیان ناچار بە قەبوڵکردنی ئەم چوارچێوەیەکردووە. وەها قەبوڵکردنێک بەو واتایە دێتکە زۆربەی دەوڵەتەکانی ئێستا، بە بێدەنگی ڕازیبوون بە برەودان بە فەرمانڕەوایی بازار، بڕینی خەرجییە گشتییەکان بەشێوەیەکی توندوتۆڵ، کەمکردنەوەی ڕێنماییە حکومەتیەکان و لەئامێزگرتنی چەمکی تاکگەرایی، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە بە مانای وەلاوەنانی میلیۆنان (ئەگەر نەڵێین بیلیۆنان) خەڵک وکو «دۆڕاوەکان» لە یارییەک[بە ئەنجامی] کۆ-سفر بێت(Martinez and García 2000). جۆرج هۆشداری ئەوە دەدات کە بەگرتنەبەریدونیابینییەکی ئابوریی وەهاوە، لەوانەیە کەلێنی باکوور- باشوور و نایەکسانی جیهانی، لەم ساڵانەی کە بەڕێوەن، ڕەنگە زۆر لەڕادەبەدەرتر[18] ببێت. لەبەرئەوەی نیولیبراڵیزم بەرەو بەجیهانیکردنی بازاڕەکانی دارایی دەچێت(Bourdieu 1999a)، لەمە پتر چاوەڕوانی ئەمە دەکرێت کە قەیرانە ئابورییەکان - کە درووستکراوی پاشخانی سیاسەتی کورتبینانەی نیولیبراڵەکانە- زۆر باوتر و کارەساتبارتر ببێت.

---

[14]penal states
[15]investments
[16]financialization
[17]transnational
[18]exaggerated

نیولیبرالیزم لە ئاستی تاکەکەسیدا، سوورە لەسەر ئەوەی کە عەقڵانیەت، تاکگەرایی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی ڕێبەری سەرجەم کردەوەکانە (Peters 2001). لەڕاستیدا، نیولیبرالیزم زۆرتر خۆی وەکو زانستێکی کۆمەڵایەتیی جیهانی سەیردەکات کە توانای شرۆڤەکردنی سەرجەم هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤی هەیە، چونکەوادەزانێت سەرجەم هەڵسووکەوتەکان لەلایەن ئامانجی لۆژیکی وتاکگەرایانە[١٩] و خۆپەرەستانەوە ئاڕاستەدەکرێن. چڕبوونەوەی نیولیبرالیزم لەسەر تاک، بەو واتایە دێت کە ئێستا بیرۆکەکانی پەیوەست بە شتگەلێکی وەک «چاکەی گشتی» و «کۆمەڵ»،وەکو پێکهێنەرە نا-زەرووریيەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران دەبێت نەمێنن(Martinez and García 2000). کەوایە جێگای سەرسووڕمان نیە، کە تاکەکان لەبەر بێکاری، نایەکسانی و هەژاری بەشێوەی هەڵکشاولۆمەدەکرێن، نەک لەبەر کۆتوبەندە[٢٠] ستراکتوریەکان(Passas 2000).بۆردیۆ (1999a) ئارگۆمێنت دێنێتەوە کەئێمە لەبەرئەوەیکە خەریکی دوورکەوتنەوە لە ڕۆڵی کۆمەڵگاینو لەباتی ئەوەش، بەتەنها لەسەر تاکەکان چڕدەبینەوە، لە ئەنجامدا کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆکوشتن، بادەپەرەستی[٢١]، خەمۆکی و توندوتیژیی خێزانی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیاد کردن دەبن.بەم حاڵەوە، دڵڕفێنیی ڕواڵەتیانەی ئازادی و خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی تاک، ئەم ئاڵنگارییە بۆ تێگەیشتنی جەماوەر بەگشتی درووستدەکات کە نیولیبرالیزم تەنیا لەپێناو قازانجی چینێکی بچوک لە خەڵکدا دیزاینکراوە(Harvey 2005).هەروەها، وەها دونیابینییەکپاساوی ئەمبیرکردنەوەیەیەکە هێندێک خەڵک شایستەی ئەوەن زۆر زۆرتر لە ئەوانی دیکەیان هەبێت و دواجار برەودان بەو سەرەدەنگە[٢٢] باوە ئاسانتر دەکات، کە ئێمە هەموومان بەرپرسی چارەنووسی خۆمانین.

هەر بەو شێوەیەی کە لەم وەسفکردنە کورتەینیولیبرالیزم و کاریگەرییەکانیدا بینیرا، ئەم ئایدۆلۆژیایە بۆتە هۆی گۆڕانکاریگەلێکی زۆر لە ئاستەکانی دەوڵەتی، نێودەوڵەتی و تاکەکەسییدا. وەها گۆڕانکاریگەلێک بریتییە لە لەناوبردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران، هەقیقەتی گەشەدان بە نایەکسانیی جیهانی و بەتاکەکەسیکردنی سەرجەم کردەوەکان. جۆرج (1999)لەسەر ئەو بڕوایەیە کە، سەرباری ئەم دەرەنجامە نێگەتیڤانە، سرووشتی هەژموونیانەی نیولیبرالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەک تەنیا نەزمی ئابوری و

[19]individualistic
[20] constraint
[21]alcoholism
[22]Refrain: ئەو کۆپلەیەی کە لە شیعرێکدا دووپات دەبێتەوە

کۆمەڵایەتیی مومکین، کە لەبەردەست دایە، وێنابکرێت. نیولیبراڵیزم هەروەکو باوەڕێکی گشتگیری درووست، بۆتە بە واقیعێکی گومانهەڵنەگر تا ئەو ڕادەیەی کە ئێستاکە خەریکە بەعەقڵانی دەزاندرێت کە بازاڕەکان دەبێت تەرخانکەری[٢٣] سەرچاوەکان بن و ڕکابەری دەبێت بزوێنەری سەرەکی داهێنان بێ و کۆمەڵگا دەبێت لەو تاکانە پێکهاتبێت کە پاڵنەری سەرەکییان هەلومەرجی ئابورییە ( Coburn 2000).هێندێک لێکۆڵەری وەک بۆردیۆ و هارڤەی، دژ بە هێرشی بیرۆکە نیولیبراڵییەکان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە جەماوەر دەبێت لە بەرامبەر ئەم ئایدۆلۆژیایەدا هەستنە سەرپێ و خۆڕاگری بکەن؛ هەر بەو کاریگەرییەی کە نیولیبراڵەکان بیرۆکەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە پاڵپێوەناوە، هەرچەند وەها ڕاپەڕینێک لانیکەم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەدوور دەزاندرێت.

[23]allocators

## ژێدەرەکان:

1. Bandelj, Nina, Kristen Shorette, and Elizabeth Sowers. 2011. "Work and Neoliberal Globalization: A Polanyian Synthesis." Sociology Compass 5(9):807-823.

2. Bourdieu, Pierre. 1999a. "The 'Myth' of Globalization and the Welfare State." Pp. 29-45 in Acts of Resistance: Against the Tyranny of the Market. New York: The New Press.

3. Bourdieu, Pierre. 1999b. "Neo-Liberalism, the Utopia (Becoming a Reality) of Unlimited Exploitation." Pp. 94-105 in Acts of Resistance: Against the Tyranny of the Market. New York: The New Press.

4. George, Susan. 1999. "A Short History of Neoliberalism." Presented at the Conference on Economic Sovereignty in a Globalising World, March 24-26, Bangkok, Thailand.

5. Harvey, David. 2007. A Brief History of Neoliberalism. New York: Oxford University Press.

6. Martinez, Elizabeth and ArnoldoGarcía. 2000. What is "Neo-Liberalism?" A Brief Definition. New York: The New Press.

7. Passas, Nikos. 2000. "Global Anomie, Dysnomie, and Economic Crime: Hidden Consequences of Neoliberalism and Globalization in Russia and Around the World." Social Justice 27(2):16-44.

8. Peters, Michael A. 2001. Poststructuralism, Marxism and Neoliberalism: Between Theory and Politics. New York: Rowman and Littlefield.

9. Smith, Adam. 2009. The Wealth of Nations. Blacksburg, VA: Thrifty Books.

## سەرچاوەکانی وەرگێڕان:

١. بررسی مختصر نولیبرالیسم و پی‌آمدهای آن- کندیس اسمیت- ترجمه مسعود امیدی- سایت:
www.pecritique.com

2. A Brief Examination of Neoliberalism and Its Consequences
website:www.thesocietypages.org